دکتور سالح ئیبراهیمی



هەر بەمجۆرەیش ئێمە لە فەرمانی خۆمان، گیانێکمان ناردە لای دڵت تۆ لە پێشدا نەتدەزانی کتێب کامە و بڕوا چییە؟ بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێک کە عەبدانمان ئەوانەی خۆمان بخوازین بەوە دەیخەینە سەر ڕێگا، تۆیش لە ڕاستەڕێی ڕێبەری ﴿٥٢﴾ ڕێگای خوایەک کە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدان هی ئەوە، ئاگادار بە! گەڕانەوەی هەموو شتێک بۆ لای خوایە ﴿٥٣﴾

## سوورەی زوخروف ٨٩ ئایەتە

**سوورەی زوخروف لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن

حا، میم ﴿١﴾ سوێند بەم کتێبە روونکەرەوەیە ﴿٢﴾ ئێمە ئەم قورئانەمان بە عەرەبی دانا تا بەڵکوو تێبگەن ﴿٣﴾ ئەمەیش لە ماکی کتێبدا (لەوحەلمەحفووز کە سەرچاوەی هەموو زانینە) لەلای ئێمە فرە پایەبەرزە و پڕ و تەژییە لە کارزانی ﴿٤﴾ هەر چەندە ئێوە کۆمەڵێ بلەوەز و لاسار گوێنەبیس بن ئاخۆ ئێمە لەم بیرەوەرییە واز دێنین ﴿٥﴾ چەندە پێغەمبەرانێکی زۆرمان ناردە نێو کۆمەڵانی بەر لە ئێوە ﴿٦﴾ هیچ پێغەمبەرێکیان بۆ نەچوو مەگەر ئەوەی گاڵتەیان پێ‌ئەکرد ﴿٧﴾ ئەوانەی کە بە هێزتر بوون لە نێومان بردن، چریکە و چیرۆکی پێشینان لە بەرا تێپەڕی ﴿٨﴾ ئەگەر لەوانە بپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی خەڵق کردووە، دەڵێن: خوای فرە بەدەسەڵات و لەکارزان ئەوانەی خەڵق کردووە ﴿٩﴾ ئەو زاتەی کە زەوی بۆتان کردۆتە لاندک و جێگای پشوودان، ڕێگەی بۆ پێدا کێشاون تا ڕێنوێن بن (و بگەنە مەقسەد) ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

خوایەک کە لە ئاسمانەوە بە ئەندازە ئاوی (بارانی) بۆ ناردوون، جا بە هۆی ئەوە سەرزەوی مردوومان زیندوو کردەوە، ئێوەش هەر بەو جۆرە لە گۆڕدا دەهێندرێنە دەرێ (و زیندوو دەکرێنەوە) ﴿١١﴾ ئەو خوایەی کە هەموو جووتەکانی بەدیهێنا و لە کەشتی و وڵسات و پاتاڵ و ئاژەڵ (وشتر، بزن، مەڕ و گا) شتانێکی لەوەی سواریان دەبن بۆ ئێوەی دانا ﴿١٢﴾ تا سواری پشتیان بن، لە پاشان نیعمەتی پەروەرێنەرتان بیننەوە بیر، ئەوددەمەی سواریان دەبن، بڵێن: پاک و بێخەوشە ئەو زاتەی کە ئەمانەی بۆ ئێمە کەوی و ڕام کرد و ئێمە توانای ئەمەمان نەبوو ﴿١٣﴾ بەڕاستی بۆ لای پەروەرێنەرمان دەگەڕێینەوە ﴿١٤﴾ بۆ خوا لە نێو بەندەکانیدا منداڵیان دانا، مرۆڤ ناسپاسێکی ئاشکرایە ﴿١٥﴾ ئاخۆ لەنێو ئەوانەدا کە هەر خۆی دروستیان دەکا، کچانی بۆخۆی وەرگرتووە و کوڕانیشی کردۆتە تایبەتی ئێوە ﴿١٦﴾ کەچی هەروەخت یەکێ لەوان موژدەی ئەوەی (مێوینەی) پێ بدرێ وا خۆی پێوایە بۆ خودایە، ڕوخساری ڕەش دادەگەڕێ و لە ڕقاندا پیش دەخواتەوە ﴿١٧﴾ ئاخۆ کەسێ لە نێو خشڵا بەخێو کرابێ و لە شەڕیشا نە خۆیا و نادیار بێ بۆ خودا دەبێ ﴿١٨﴾ ئەو فریشتانەی عەبدی خودان بە مێوینەیان داناون ئاخۆ لەوێ بوون کە ئێمە وەدیمانهێنان؛ شایەدییەکەیان دەنووسرێ و لیان دەپرسرێتەوە ﴿١٩﴾ وتیان ئەگەر خواهزی کربا ئێمە نەماندەپەرستن و زانستیان بەوەیش نەبوو هەر درۆیان هەڵدەبەستن ﴿٢٠﴾ یا ئایا بەر لە قورئان کتێبێکمان بۆ ناردوون کە ئێستا ئەیکەنە بەڵگە؟ ﴿٢١﴾ نا؛ بەڵکوو ئەڵێن: بابوکاڵمان ئایینێکیان بووە و ئێمەیش بە شوێن ئەوانا ڕێنوێن ئەبین (کاڵ یا کاڵ: باپیر؛ واژەی 'کهل'ی عەرەبی لەم کوردییەوەر گیردراوە) ﴿٢٢﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بەمجۆرە بەر لە تۆ بۆ هیچ ئاواییەک ترسێنەرێکمان نەناردووە، کە لە ئێمەوە ترسیان وەبەرنێ مەگەر ئەوە کە (دەوڵەمەندە) خۆشگوزەرانەکانیان وتوویانە: باووباپیرانمان ئایینێکیان هەبووە و ئێمەیش بە شوێنیاندا ئەڕۆین و پەیڕەوییان لێدەکەین ﴿٢٣﴾ وتوویەتی: ئایا ئەگەر من ئایینێ ڕێنوێنیتر لەوەی باووباپیرانتان نیشان بدەم (هێمان ئینکار دەکەن؟!) وتوویانە: (بەڵێ) ئێمە بەوەی ئێوە بۆی بەرێ کراون باوەڕمان نییە ﴿٢٤﴾ تۆڵەمان لێ ساندن، جا بڕوانن سەرەنجامی بە درۆخەرەوان چلۆن بوو (و چییان بەسەرهات)؟ ﴿٢٥﴾ کاتێ کە ئیبراهیم بە باوک و هۆزی خۆی وت: لەوەی دەیپەرستن بێزارم ﴿٢٦﴾ مەگەر ئەوەی کە منی خوڵقاندووە، هەر ئەو دوایی ڕێنوێنیم دەکا ﴿٢٧﴾ (ئیبراهیم) کارێکی کرد ئەم وتارەی لە پاشەخۆی بۆ گەل و نەتەوەکەی هەر بمێنێ، بەڵکوو بپرینگێنەوە و بۆ لای خوا بگەڕێنەوە ﴿٢٨﴾ ئەوانیش و باب‌وکاڵی ئەوانیشم لە ژیان هەر بەهرەوەر کرد تا ئەم ڕاستە و پێغەمبەری ڕێگا نیشاندەریان هاتە لا ﴿٢٩﴾ جا کاتێ ڕاستی و هەقیان بۆ هات وتیان: ئەمە جادووە و بڕوای پێ‌ناهێنین و ئینکاری دەکەین ﴿٣٠﴾ وتیان: بۆ چ ئەم قورئانە بۆ مرۆڤێکی بەوەج و گەورە و بەنرخ و بەقەدر (و دارا)ی ئەم دوو باژێر و ئاواییە (مەککە و تایف) نەهاتووە؟! ﴿٣١﴾ ئایا ئەوانە بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەرێنەرت دابەش دەکەن؟ لە حاڵێکدا ئێمە بژیو و ڕسق و ڕۆزی ئەوانمان لە ژیانی ئەم دنیایەدا لە نێوانیان بۆ بەش کردوون و پلەی هەندێکمان بردە سەر هەندێ تریان، تا هێندێکیان ڕاژە و خزمەت بە هێندێکیان بکەن (تا لە کارزانی و ئەزموونی یەکتر کەڵک وەرگرن)، بەزەیی و ڕەحمەتی پەروەرێنەرت لەوەی ئەوان کۆی دەکەنەوە باشترە ﴿٣٢﴾ خۆ ئەگەر بڕیار وا نەبا، کە نابێ خەڵکی یەک تیرە بن، وامان دەکرد میچ و بان و پلەکانی ماڵەکانی ئەوانەی خوانەناسن لە زێو بوایێ بە ڕیزەپلەکانانداسەریان کەون (وَلَو لا أن یکونَ النّاسُ اُمّةً واحِدَةً دەکرێ ئاوای واتا بکەی:) ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایێ کە خەڵکی هەموو بەرەو خوانەناسی بچن و ببنە کۆمەڵێکی یەکپارچە وامان دەکرد ﴿٣٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەموو درگای ماڵەکانیشمان (لە زێو و زێڕ بۆ ساز دەدان) و تەختی (زێوین و زێڕینم) دەدانێ کە لەسەریان پاڵ دەدەنەوە (و لەسەریان بنوون) ﴿٣٤﴾ شتیتری هەمەڕەنگیش؛ گشت ئەمانە هەر بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی ئەم دنیان، ماڵی ئەولایش پەروەرندەت هەر بۆ ئەو کەسانەی داناوە کە لە خوای خۆیان دەترسن ﴿٣٥﴾ هەرکەس لە ڕاست یادی خوا حەز دەکا کوێرایی دابێ (ڕوو بسووڕێنێ) هاودەمێکی شەیتانی لێ پەیدا دەکەین ﴿٣٦﴾ ئیتر هەر ئەو هاودەمانە لە ڕێگە هەڵەمان دەکەن، لە حاڵێکدا لایان وایە کە هەر ئەوان ڕاستەڕێیان دیوەتەوە ﴿٣٧﴾ تا ئەو کاتەی دێتە لای ئێمە، دەڵێ: خۆزگە دووری من و تۆ (ئەی شەیتان) بە ئەندازەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، جا تۆ چەن هاونشینێکی خراپی ﴿٣٨﴾ هەرگیز (ئەم خۆزگە و پەشیمانییە) لەم ڕۆژەدا سوودی بۆتان نییە، چونکە ستەمتان لە خۆ کردووە ئێوە هەموو پێکەوە لە عەزابدا هاوبەشن ئەبێ هەموو پێکەوە جەزرەبە بدرێن ﴿٣٩﴾ ئایا تۆ دەتوانی بە کەڕ و گوێکپ بژنەوێنی یا کوێر و ئەوانەی لە لاڕێیی ئاشکرادان ڕێنوێنی بکەی ﴿٤٠﴾ ئەگەر تۆ لەم نێوە لابەین، لەوانە تۆڵە دەستێنین ﴿٤١﴾ یا ئەو عەزابەی بەڵێنمان بەوان دابوو، بە تۆی نیشان دەدەین، ئێمە بەسەر ئەواندا بەدەسەڵاتین ﴿٤٢﴾ لەسەر ئەوەی بە تۆ ڕاگەیێندراوە پێ دابگرە، کە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستی ﴿٤٣﴾ بەڕاستی قورئان هۆی بیرەوەری و بێداری تۆ و هۆزەکەتە و بە زوویی پرسیارت لێدەکرێ (کە چلۆن لەگەڵ قورئاندا جووڵاونەتەوە ﴿٤٤﴾ لە پێغەمبەرانی ئێمە کە بەر لە تۆ ناردوومانن بپرسە: ئاخۆ بڕیارمان داوە بێجگە لە خوا هیچ شتێتر بپەرستن! ﴿٤٥﴾ بە هەقیقەت ئێمە مووسامان بە نیشانەکانی خۆمانەوە نارد بۆ لای فیرعەون و داروودەستەکەی، جا وتی: من ڕەوانەکراوی پەروەرێنەری جیهانیانم ﴿٤٦﴾ جا کاتێ نیشانەکانی ئێمەی هێنایە لایان، لەناکاو هەموو دەستیان کرد بە تریقەی پێکەنین ﴿٤٧﴾

هیچ نیشانە (و کشگێری)یەکمان بەوان نیشان نەدا، مەگەر ئەوە کە لە هاوتاکەی گەورەتـر (و گرینگتر) بوو، ئەوانەمان بە جەزرەبەوە گرت تا بەڵکوو (لە تـاوان) بگەڕێنـەوە ﴿۴۸﴾ (کـاتێ تووشی بەڵا بوون) وتیان: ئەی جادووگەرا! پەروەرێنەرت بەو بەڵێن و عەهـدەی کە بە تـۆی داوە بۆ ئێمەی بانگ بکە، ئێمە لە ڕێنوێن بووان دەبـین ﴿۴۹﴾ کـاتێ کە ئازارمـان لەسـەر لابـردن، بەڵێنی خۆیان دەشکاند ﴿۵۰﴾ فیرعەون لە نێو هۆزەکەی هەرای کـرد (نەرانـدی) و وتـی: ئەی هۆزم! ئایا حوکوومەتی میسر هی من نییە؟ و ئاوی ئەم ڕووبـارانە کە لە ژێـر (کۆشـکی) مـن دەڕۆن، ئایا نابینن ﴿۵۱﴾ من چاکتر نیم لەم کابرایە کە هیچ نمـوودێکی نیـیە و بـاش نـاتوانێ قسەکەی بە ڕەوانی بەیان بکـا ﴿۵۲﴾ جـا ئەگەر ڕاسـت دەڵـێ ئەی بـۆچ گەوی زێـڕی: بـازنە و مووچەوانە و دەسـبەندی زێـڕی لە حەواوە بەسـەردا فـڕێ نەدراوە؟ یـا بـۆچ مەلائـیکە بە گەل لەگەڵی نەهاتوون (تا قسەکانی بسەلمێنن) ﴿۵۳﴾ جا ئەو (فیـرعەون) هـۆزی خـۆی سـووک و لاڕێ کرد، (چونکە) ئیتاعەتی ئەویان کرد، ئەوانە هۆزێکی فاسق و لاڕێ بوون ﴿۵۴﴾ جا کاتێ ئێمەیان قەڵس کرد، تۆڵەمان لێ وەرگرتن، جا هەموویانمان نـوقم کـردن (و لە نێومـان بـردن) ﴿۵۵﴾ ئەوانەمان لە ژماری ڕابوردووان دانا و کردمانە پەند و نەزیـلە بـۆ بەرەی دوایـی ﴿۵۶﴾ کاتێ چریکەی کوڕی مریەمیان بۆ گێڕدرایەوە هۆزی تـۆ بە شـادی و گـاڵتەوە لە قاقایـان دا و کردیان بە هەرا ﴿۵۷﴾ وتیان: ئایا خوایانی ئێمە باشترە یا ئەو (مەسیح)، ئەم باسـەیان بـۆ تـۆ نەهێنـایە پـێش مەگەر بـۆ شەڕەقسـە، بەڵکـوو ئەوانە شـەڕفرۆش و قـین لە دڵـن ﴿۵۸﴾ ئەو (مەسـیح) نەبـوو مەگەر بەنـدەیەک کە ئـێمە نیعمەتمـان پـێ‌دا و کردمـانە نمـوونە و هـۆی ئامۆژگـاری و پەنـد بـۆ بەرەی ئیسـرائیل ﴿۵۹﴾ ئەگەر بمانویسـتبا لەبـاتی ئێـوە لە زەویـدا مەلائیکەمان دائەنا تا ببنە جێنشینی ئێوە ﴿۶۰﴾

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



بەڕاستی ئەو (لەدایکبوونی عیسا بەبێ باوک) یەکێکە لە نیشانەکانی ڕۆژی پەسڵان، جا لە بوونی قیامەت دوودڵ مەبن و لە من پەیڕەوی بکەن، ئەمە ڕێگای ڕاستی منە ﴿٦١﴾ شەیتان ئێوە لە ڕێگای خوا نەگێڕێتەوە، ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە ﴿٦٢﴾ کاتێ عیسا بەڵگە ڕوونەکانی هێنا، وتی: بە هەقیقەت من بۆ ئێوە لەکارزانیم هێناوە و (هاتووم) تا هەندێ لەو شتەی جیاوازیتان تێیدا هەیە بۆتان بەیان بکەم، جا خۆتان لە (نافەرمانی) خوا بپارێزن و لە من ئیتاعەت بکەن ﴿٦٣﴾ هەر خوا پەروەرێنەری من و پەروەرێنەری ئێوەیە، جا ئەو بپەرستن، ڕێگای ڕاست هەر ئەمەیە ﴿٦٤﴾ جا تاقمەکان لە بەینی خۆیان (لەبابەت مەسیحەوە) جیاوازییان کرد (هەندێ ئەویان بە خوا دانا)، بۆ کەسانێ کە ستەمیان کرد واوەیلایە لە ئازاری ڕۆژی تووش و دەردناک ﴿٦٥﴾ ئایا چاوەنواری شتێ بێجگە لە قیامەتن کە لەناکاو بگاتە سەریان، لە حاڵێکدا ئەوان پێی ناحەسێن و پێی نازانن و هەستی پێناکەن ﴿٦٦﴾ دۆستان لەو ڕۆژەوە دوژمنی یەکترن، مەگەر خۆپارێزان نەبێ ﴿٦٧﴾ ئەی بەندەکانی من! ئەمڕۆ نەترستان لەسەرە و نە غەمگینیش دەبن ﴿٦٨﴾ کەسانێ کە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوایان هێنا و موسڵمان و فەرمانبەر (ی پەروەرێنەر) بوون ﴿٦٩﴾ ئێوە و هاولفەکانتان بڕۆنە بەهەشت لە کاتیکا ڕێز دەگیرێن و شاد دەکرێن ﴿٧٠﴾ کاسە(ی خواردەمەنی) و جامی (شەرابی پاک) لە تەڵا و زێڕ بە دەوریاندا دەگەڕێنن، لە بەهەشتدایە ئەوەی دڵەکان دەیانەوێ و چاوەکان لەزەتی لێئەبەن و ئێوە لەوێدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە ﴿٧١﴾ ئەمە بەهەشتێکە بە هۆی کردەوەیەک کە ئەنجامتان داوە بە میرات پێتان گەیشتووە ﴿٧٢﴾ لەوێدا بۆ ئێوە میوەگەلی زۆر هەیە کە لێی دەخۆن ﴿٧٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

تاوانباران لە عەزابی جەهەنەمدا قەتیس دەبن ﴿٧٤﴾ سزایان سووک نابێتەوەو ئەوان لەوەدا بێهیوا دەمێننەوە ﴿٧٥﴾ ستەممان لەوان نەکردووە، بەڵام خۆیان ستەمکار بوون ﴿٧٦﴾ هاوار دەکەن: ئەی مالیک (ی دۆزەهـ) بڵێ بە پەروەرێنەرت تا بمانکوژێ (تا ئاسوودە) بین، دەڵێ: بەڕاستی ئێوە قەتیسن ﴿٧٧﴾ بە هەقیقەت هەقمان بۆ ئێوە هێنا، بەڵام زۆربەی ئێوە هەقتان پەسەند نەکرد ﴿٧٨﴾ بەڵکوو ئەوانە بۆ گزیکردن لێبران، جا بەڕاستی ئێمەیش توند (لەبابەت ئەوانەوە) لێدەبڕین ﴿٧٩﴾ ئایا ئەوانە وا دەزانن کە ئێمە ڕاز و نهێنی و قسەی بە سرتەی ئەوان نابیسین؟ بەڵێ ڕەوانەکراوان (و مەلائیکە)ی ئێمە لای ئەوانن و دەینووسن ﴿٨٠﴾ بڵێ: ئەگەر بۆ خوای ڕەحمان منداڵێک هەبوایە، جا من یەکەم پەیڕەوی ئەو ئەبووم ﴿٨١﴾ پاک و بێخەوشە پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی، پەروەرێنەری عەرش لەو پەسنانەی (لەبارەی خوا) دەیکەن ﴿٨٢﴾ جا وێڵیان بکە تا (لە باتڵدا) بتلێنەوە و گەمە بکەن تا ڕۆژێ کە بەڵێنیان پێدراوە پێی بگەن (و ئاکامی کاریان ببینن) ﴿٨٣﴾ ئەو زاتێکە هەم لە ئاسماندا خودایە و هەم لە ئەرزادا خودایە هەر ئەویشە لەکارزان و فرە زانا ﴿٨٤﴾ موبارەک و پیرۆزە کەسێ کە بۆ ئەوە موڵک و حوکوومەتی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەو دووانەدایە، ئاگاداری بە ڕۆژی بەرێ تەنیا لای ئەوە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێندرێنەوە ﴿٨٥﴾ کەسانێ بێجگە لەو کە (بە خوایی هاواری) لێدەکەن نکارن ببنە تکاکار و خاوەنی تکا نین، مەگەر کەسانێ کە بە هەق شایەدیان دابێ، ئەوانە دەشزانن ﴿٨٦﴾ ئەگەر لەوانە بپرسی ئایا چ کەسێ ئەوانەی خەڵق کردووە، بێگومان دەڵێن: خوا، جا ئەی چلۆن لە پەرستنی ئەو لائەدەن و بوختان دەکەن ﴿٨٧﴾ فەرموودەی پێغەمبەر (بۆ شکایەت لە کافران) کە وتی: ئەی پەروەرێنەری من ئەمانە هۆزێکن بڕوا ناهێنن ﴿٨٨﴾ جا (ئێستا کەوایە) چاویان لێبپۆشە و بڵێ: سەلامتان لەسەر بێ، جا بە زوویی دەزانن و ئاگادار دەبنەوە ﴿٨٩﴾